# ڕۆڵی ڕیکلام لەبەبازاڕکردنی خزمەتگوزاریی لە میوانخانەکانی هەرێمی کوردستان

(توێژینەوەیەکی مەیدانییە بۆ نمونەیەک لە میوانخانەکانی شاری هەولێر)

**دانا عوسمان حسێن[1] - عومەر حەسەن عەلی[2]**

[1]بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب و هونەر، زانکۆی جیهان-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

[2]بەشی دیجیتاڵ میدیا، پەیمانگای تەکنیکی کوردستان، سلێمانی، سلێمانی, هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختە:

بەهۆی ئەو ڕیکلامە دیزاینکراو و سەرنجڕاکێشانە بەشێوەیەکی باش و بەجۆرێک تێروانین و گرنگپێدانی بەبازاڕکردن گەشتیار ڕابکێشی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لەو کرین و فرۆشتنانەی خزمەتگوزارییە گشتیارییەکاندا، دەبێ بریتیبێت لەو زانیارییە پێویستیانەی دەربارەی شوێنە گەشتیارییەکەو ئەو ئاسانکاری و خزمەتگوزاریانەی ڕاپاندەپەڕێنێ، هەروەها ئەو قازانجانەی دەست گەشتیارەکان دەکەوێت لەکاتی بەشداریکردنیان لەو بەرنامە گەشتیارییە، ئەنجامدانی ئەم کارە بێ نارەحەتی نابێ، چونکە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بەردەست و فەراهەم نین بەپێچەوانەی کەلوپەلەکانی ترەوە، هەرکات ئەو کەڵکانەی دەست گەشتیارەکە دەکەوێت زیاتربێت لەو پارەیەی خەرجکراوە بۆ خزمەتگوزارییەکان و کەلوپەلە گەشتیارییەکان بێگومان دەبێتە هۆی ڕازیکردنی میوانەکە، لێرەدا دەشێ سەردانەکان بۆ چەند جارێک دوبارە بکاتەوە، بۆیە لەوانەیە وەک میوانێکی هەمیشەیی دەستمان بکەوێت، هەروەها ببێتە هۆکارێکی بازاڕ گەرمکردنی بێ بەرامبەر لەڕێی وشەی وتراوەوە(Word of mouth) بەمانای هاندانی هاوڕێکان بۆ هاتن بۆ ئەو شوێنە گەشتیارییە و پێچەوانەشی هەر ڕاستە، هەمو ئەمانە پشت بەهێزو کاریگەری هەڵمەتە ڕیکلامیەکە دەبەستێ بۆ سەر جەماوەری گەشتیارییەکان، هەروەها نابێ ئەوە لەبیربکەین کە دەبێ ئەو نامە ڕیکلامیە یاخود ئەو هەڵمەتە بازاڕگەرمکردنە ڕاستگۆیانەبێت و گوزارشت لەبونی ئەو خزمەتگوزاری و ئاسانکاریانەی لە دامەزراوەکەدا هەن.

**وشە کلیلییەکان:** ڕۆڵ، ڕیکلام، بازاڕکردن، خزمەتگوزاریی، میوانخانە، هەرێمی کوردستان.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper5
**Received:** 11-Sep-2022
**Accepted:** 05-Oct-2022
**Published:** 29-Dec-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
dana.othman@cihanuniversity.edu.iq
omer.ali@kti.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

لەم سەردەمی پێشکەوتنە خێرایەدا ڕێکلام کاریگەری زۆر و خێرای لەسەر کۆی کایەکانی کۆمەڵگە دروستکردوەو وایکردوە لە بازاڕسازیدا ڕەنگدانەوەی تەواو لەسەر کەرتی گەشتیاری دروست بکات، لەم زەمەنەدا ڕێکلام بۆتە هونەرو شێوازێکی کاریگەر لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بە ئاسانی کاڵاو کەلوپەل و شوێن و خزمەتگوزارییەکان بگەیەنرێتە کڕیارو بەکاربەر سەردانیکەران و گەشتیاران، میوانخانەکانیش بۆ ئەوەی بتوانن ژمارەی جەمارو گەشتیاران زیاد بکەن پێویستە گرینگی زۆر بدەن بە ئامارازەکانی ڕێکلام، لەلایەکی تریشەوە ئەمە وادەکات خزمەتگوزاری میوانخانەکان بگەیەنرێتە جەماوەری مەبەست، ڕێکلام لەلایەن کۆمپانیای ڕێکلامکەرەوە بەڕێوەدەبرێت، تیایدا مەبەست لێی گەیاندنی ئامانجێکی تایبەت بەبەرهەمەکەیە جا شتومەک بێت یان خزمەتگوزاری بۆ کارکردنە سەر ڕەفتار و کردەوەی جەماوەری دەستنیشانکراو.

ناونیشانی توێژینەوەکەمان ڕۆڵی ڕێکلام لە بەبازاڕکردنی خزمەتگوزاریی لە میوانخانەکانی هەرێمی کوردستان، کە دەکرێت بوترێت میوانخانەکان لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی پێویست و ئەوتۆ نەیانتوانیوە یاخود گرنگیان نەداوە بە ئامرازەکانی ڕێکلام، لە ناساندان و پێشخستنی خزمەتگوزارییەکان. بەهۆی پێشکەوتنی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن ڕێکلامکردن و بەبازاڕکردن بە ئاسانی دەتوانرێت بگەیەنرێتە ئەو جەماوەرە مەبەستدارەی تۆ دەتەوێت.

### پاری یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی توێژینەوە لە کەمی گرنگیپێدانی هەندێ لەخاوەن و بەڕێوەبەرێتی میوانخانەکان بەهۆکارەکانی ڕێکلام، کە دەشێ هەموار بکرێ لەپێشخستنی خزمەتگوزاریی میوانخانەکان بەشێوەیەکی ئەرێنی و بازاڕسازی بۆ خزمەتگوزارییەکانیان بەکاربهێنرێت.

**گرنگی توێژینەوەکە:** هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی ڕێکلام و کاریگەری لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەرو هاندانیان بۆسود وەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی ئەو دامەزراوانەی بانگەوازیان بۆ کراوە لەکاتی بارودۆخی گونجاودا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی کارتێکردنی ڕێکلامەکەیە لەسەر بەبازاڕکردنی خزمەتگوزارییە میوانخانەییەکان و ڕادەی کاریگەری لەسەر گەشتیاران بۆ بڕیاردان لە بەشداریکردن و کڕینی ئەو خزمەتگوزاریانە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** مەبەست لە ڕێبازی توێژینەوە دیاریکردنی ئەو میتۆدەیە کە توێژەر پەیرەوی دەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشەی توێژینەوەکەی و گەیشتنی توێژەر بە ئامانجەکانی کە لە توێژینەوەکە دیاریکردوە هەروەها ئەو ڕێگەیەیە کە توێژەر بۆ نوسینەوەی توێژینەوەکەی بەکاریدەهێنێت. (بدوی، 2008: 5)

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەیرەوکراو بریتییە لە شێوازی ڕوپێوی لە میوانخانە دیاریکراوەکانی توێژینەوەکە بە وەرگرتنی سامپڵێک بە شێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو. بۆ ئەوەی بگاتە دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان پشتی پێ ببەسترێ

بۆ گەشەپێکردن و بەرەو پێشبردنی خزمەتگوزاری لە میوانخانەکان لەڕێی گرنگیدان بە هۆکارە جیاجیاکانی ڕێکلام. لەڕێگەی دروستکردنی فۆرمی ڕاپرسی.

**کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگەی توێژینەوە مەبەست لێی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە توێژینەوەکەی لەسەر دەکرێت هەمو ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە کە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەو گەشتیارانەی کە سەردانی ناو گەشتیارەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن (ناوچە گەشتیارەکانی پارێزگای هەولێر)، بۆ ئەو مەبەستە (47) گەشتیار وەرگیراوە.

**بوار و سنوری توێژینەوە:** دیاریکردنی بوار و سنوری توێژینەوە هەنگاوێکی گرنگە چونکە چوارچێوەی توێژینەوەکە لە بازنەیەکی دیاریکراودا بۆ توێژەر دەکێشێت کارەکانی دیاریدەکات بوار و سنوری ئەم توێژینەوەیە لە لەم خاڵانەی خوارەوە خراوەتەڕو:

شوێن: سنوری توێژینەوەکە بریتییە لە ناوچە گەشتیارەکانی پارێزگای هەولێر.

کات: مەبەست لە بواری کات، کاتی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکەیە واتە لایەنی مەیدانی لە ڕێکەوتی (2021/7/1 تا 2021/8/1) لەو ماوەیەدا فۆرمەکان دابەشکراون و زانیارییەکان کۆکراونەتەوە.

**ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان:** لەکرداری کۆکردنەوەی دەرخستەکانی ناو داتاکاندا توێژەر پشت بەستنی بەفۆرمی ڕاپرسیەکە بو، چونکە پیادەکردنی لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵ بو، فۆرمەکان بەپێی داتا سەرەتاییەکان و گشتییەکان نەخشێنرا، داتا سەرەتاییەکان پەیوەندی بەجۆری ڕەگەز و، تەمەن و، ڕەگەزنامەو، باری کۆمەلایەتی و، ئاستی خوێندەواری و، پیشە و،سەرمایە. بەڵام دەرخستە گشتییەکان پەیوەندیداربون بە کاریگەری ڕێکلامەکە لە هاندانی هاوولاتی و گەشتیار و کارکردنە سەریان بە قایلکردنیان.

**توێژینەوەکانی پێشو:**

1. توێژینەوەی (پەروا عمر محمود) و (هەردەوان محمود کاکەشێخ) لە گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین بڵاویانکردۆتەوە، بە ناونیشانی **(ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بازاڕسازی بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان) 2021.**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێیە لە بازاڕسازی بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە ڕێی سامپڵێک لە کارمەندانی بازاڕسازی کۆمپانیاکانی بواری بازاڕسازی بۆ کالا و خزمەتگوزارییەکان، توێژینەوەکە ئاماژە بە شێوازی بازاڕسازی و تەکنیکە بەکارهاتوەکانی بواری بازاڕسازی ئەلیکترۆنی دەدات و هەروەها زۆرترین ئامرازی بەکارهاتو لە بواری بازاڕسازیدا لە هەرێمی کوردستان دەستنیشان دەکات.

2. ماستەرنامەی (نەوشیروان فرج احمد) لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان – بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، بە ناونیشانی **(ڕۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە بازارگەری بۆ زیادکردنی فرۆشی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن)** ئەم توێژینەوەیە وەک بەشێک لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر ئەنجامدراوە و توێژینەوەکە بڵاونەکراوەتەوە 2021.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بۆ دەرخستنی ئاستی پشتبەستن و تێگەیشتنی کۆمپانیاکانی (ئاسیا سێل) و (کۆرەک تلیکۆم) لە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری بازاڕسازیدا، بە مەبەستی زیادکردنی فرۆشی ئەو کۆمپانیایانە، هەروەها دەرخستنی پەیوەندی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بازاڕگەری لە دیدی کارمەندانی بەشی بازاڕگەری کۆمپانیاکانی (ئاسیا سێل) و (کۆرەک تلیکۆم).

ئەو توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە، توێژەر میتۆدی ڕوپێوی بەکارهێناوە.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتوە ئەوەیە کە لە چەندین لانەوە کۆمپانیاکانی (ئاسیا سێل) و (کۆرەک تلیکۆم) پشتیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بازاڕگەری بەستوە، جیاوازی بەدیناکرێت لە ڕادەی سودوەگرتنیان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبوە لە زیادکردنی فرۆشی کۆمپانیاکانی (ئاسیا سێل) و (کۆرەک تلیکۆم)، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بە پلەی یەکەم دێت و تیلیگرامیش لە پلەی دوای فەیسبوک دێت وەک گونجاوترین ئامراز بۆ بەکارهێنانی لەبواری بازاڕگەریدا.

3. توێژینەوەی هاوبەشی توێژەران (حلا بلال بهجت النسور، اكسمرى عامر المناصره، محمد عواد الزيادات) بە ناونیشانی **(أثر التسويق باستخدام وسائل التواصل الاجتماعي على نية الشراء في الأردن) ئەو توێژینەوەیە لە (المجلة الاردنية لإدارة الاعمال)** لە بەرگی 12ی ژمارە (3) لە ساڵی 2016 بڵاوکراوەتەوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری بەبازاڕکردنە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گۆڕینی نییەت و بیروبۆچونی بەکارهێنەران بۆ کڕینی کەلوپەل، لەڕێگەی توێژینەوەکە توێژەران دەیانەوێت تایبەتمەندی بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بزانن هەروەها زانینی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەی کە زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە لە وڵاتی ئەردەن، هەروەها دەیانەوێت ئەوە دەرخەن کە بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەردەن بە چ ئامانجێک سۆشیاڵ میدیا بەکاردەهێنێت، هەروەها کاریگەری پەیام و ناوەڕۆکی کۆمپانیاکان لەسەر بەکارهینەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەندە. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە و توێژەران سامپلی مەبەستداریان بەکارهێناوە لە بڵاوکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی.

لە ئەنجامدا ئەم توێژینەوەیە گەیشتوە بەوەی کە بەبازاڕکردن لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی وای نییە لەسەر نییەت و گۆڕینی بۆچونی بەکارهێنەرانی سۆشیاڵ میدیا لە ئەردن، بەڵام بە بازاڕکردن لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامی ئیجابی دەبێت بۆ ناساندنی کەلوپەل و ناوەڕۆک و خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیاکان بە هاووڵاتیان.

**چۆنیەتی سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشو:**

1. بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕێوشوێنەکانی ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی زانستی.
2. سودوەرگرتن بۆ دانانی پلانی بەشەکان و ڕێکخستنی توێژینەوەکە.
3. بەکارهێنانی توێژینەوەکانی پێشو وەک سەرچاوەیەکی زانستی لە بەشی تیۆریی توێژینەوەکە.
4. بۆ دروستکردنی فۆرمی ڕاپرسی و داڕشتنی برگەکان.
5. بۆ زانینی ئامانجی توێژینەوەکانی پێشو و ئەو دەرئەنجامانەی کە پێی گەیشتون.

6. بۆ ئاگاداربون لەبارەی گرنگیپێدانی توێژەرانی دیکە بە بابەتی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مەبەستی بەبازاڕکردن و بەرهەمهێنانی میدیایی لە هەرێمی کوردستان.

لە دوای خستنەڕوی چەند توێژینەوەیەکی نزیک لە توێژینەوەکەمان کە لە ساڵانی ڕابردودا ئەنجامدراون لەڕێگەی تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوەوە توێژەر ڕێڕەوی گشتی توێژینەوەکەی دیاریکردوە، هەر لەڕوی ڕێبازی توێژینەوە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و ئەو ئامانج و دەرئەنجامانەی لە توێژینەوەکانی پێشوەوە بەدەستهاتون لەگەڵ کۆمەڵگە و سامپلی توێژینەوە.

### پاری دوەم: پێناسە و گرنگی و ئامانجەکانی ڕێکلام

مەبەستی سەرەکی لە ڕاگەیاندن کە ناساندنە بە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکە و دەرخستنی باشی بۆ جەماوەری گەشتیارو ئاگادارکردنی لە هەمو ئەو زانیاریانەی کە دەبنە هۆی تێگەیشتنی و دروستکردنی ئارەزوی بەشداریکردنی لە کۆچێکی گەشتیاریدا، یاخود گرتنی شوێنێک لە میوانخانەیەک کە دەشێ خزمەتگوزاری و ئارەزو و پێویستییەکانی گەشتیاریەکە دابینبکات، لەبەرئەوە گرنگی سەرکەوتنی ڕێکلام لە دۆزینەوەی ڕێی پێویست بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیارەکە بەرەو ڕێکلامەکە و قایلکردنی بەبەشداریکردن، سەرەڕای ئەوەی گەشتیار ئارەزوی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو بەرنامە گەشتیارانەی کە ناوبانگ و ناسراویان لە ڕێکلام دا هەیە دەکات.

#### یەکەم: پێناسەی ڕێکلام

دروستبون و پێکهاتنی هەر چەمکێک بەندە بەو پیشە یان دیاردە یان بونەی چەمکەکەی بۆ هەڵدەبژێردرێ. لەبنەڕەتدا وشەی ڕیکلام (reclaim) وشەیەکی فەرەنسیە کە بەواتای هاوارکردن دێت، لەزمانی عەرەبیشدا وشەی (اعلان) و لەهەندێ شوێنیش وشەی (اشهار) بەکاردەهێنرێت، لەزمانی ئینگلیزدا زاراوەیadvertising ی بۆ بەکارهاتوە کە لە بنچینەی وشەیadvert دوە وەرگیراوە، ئەم بەکارهێنانەش بەواتای سەرنج ڕاکێشانی بەرامبەر یاخود کەسێک بۆ شتێکی دیاریکراو دێت. (محەمەد، 2013: 11)

لەزمانی کوردیدا چەندین وشەی ڕەسەن و پەتی هەن وەک (ئاگاداری، بانگەشە، بانگەواز، ئاگانامە، جاڕدان، جاڕنامە، داخۆیان،... هتد)مان هەیە کەچی لێرەدا زیاتر وشەی ڕێکلام بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە چەسپاوەو زاڵە. (العادلمي، 2004: 76)

ڕێکلام کارێکی پەیوەندییە ئامانجی دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر کڕیار لەسەر بنەمایەکی ناکەسی، چونکە جاڕدەرەکە خۆی ئاشکرا دەکات و بەهۆی پەیوەندی گشتیەوە پەیوەندی دەکرێت و ڕێکلام بەوە دەناسێنرێت: کە هۆکارێکی پەیوەندیکردنە دامەزراوەکان بۆ گەیشتن بەجەماوەری فراوان بەکاریدەهێنن. ئەمە پەیوەندیکردنێکی کەسایەتی نییە و یەک لایەنەیە و لەلایەن کۆمپانیا ڕێکلامکەرەکەوە بەڕێوەدەبرێت، ئامانجی گەیاندنی نامەی تایبەت

بەبەرهەمەکەیە ئایا شتومەک یان خزمەتگوزاری یاخود بیرۆکە یەک بێت بۆ کارکردنە سەر ڕەفتار و کردەوەی جەماوەری دەستنیشانکراو.

ڕێکلام: بریتییە لە ئامرازێکی پەیوەندیکردن بە بەکاربەرەوە بۆ بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەک، ئەمە گوزارشتێکە لەلایەن ئەوانەوە کە نیازیانە خەڵک ئاگاداربکەنەوە، یان کاریگەرییان لەسەریان هەبێت، بۆ ئەو بەرهەمە یان ئەو خزمەتگوزارییە (حەمە سەعید، 2013: 8).

بەو تێروانینەی کە هونەری ناساندنە، چونکە یارمەتی ڕێکلامکەرەکە دەدات بۆ ناساندنی شتومەک و خزمەتگوزارییەکانی بەجەماوەرە چاوەڕوانکراوەکەو هەروەها یارمەتی بەکارهێنەر دەدات بۆ ناساندن و تێروتەسەلی شتومەکەکانی. ڕێکلام دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گەیاندنێکی ناکەسی زانیارییەکانە بەرامبەر کرێیەکی پێدراو، ڕێکلام کۆششە بۆ ڕازیکردن بەکرینی کەلوپەلێک یاخود خزمەتێک یان کاری بیرۆکەیەکی دیاریکراو لەڕێی هۆکاری ڕێکلامی جیاوازەوە ئەنجام دەدرێ.

لە پێناسەیەکی ڕێکلامدا دەبینێ کە ڕێکلام هۆکارێکی قایلکردنە، لەبەرئەوە بەپیشە دادەنرێت نەک زانست، چونکە بۆ بیرۆکەو ڕاکان بەکارهێنانێکی باشترە بەمەبەستی ڕازیکردنی گەشتیارەکان. بۆ کڕینی خزمەتگوزاری کەلوپەلەکان لەڕێی وشەی جوان و وێنەی سەرنج ڕاکێشەوە بەڵام نمایشکردن و دوبارەکردنەوەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە دو جۆری بنەڕەتی لەدەستکەوتنی ئەنجامێکی چاک دادەنرێت، کە ڕێکخراوی گەشتیاری تامەزرۆی پێگەیشتنێتی لەپێناسەیەکی ڕێکلامدا وادەبینێ کە ڕێکلام پەیوەندییەکی ناکەسییە ئامانجی پێشکەشکردنی زانیارییەکانە دەربارەی بەرهەمهێنراوەکە و لەڕێی تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕێکلامی ڕێگاکانەوە بڵاودەکرێتەوە. (الطائي، 1991 : 67)

لە کتێبی Lapublicite دیبلۆس بەو جۆرە پێناسەی ڕێکلام دەکات (ڕێکلامی بازرگانی پێکهاتوە لە کۆمەڵێک نامەی هونەری کاریگەری کۆمەڵایەتی گرنگی هەیە بەکاردێ بۆ بەرژەوەندی دەزگایەک یاخود کۆمەڵێک لە دەزگا بۆ ڕاکێشانی کڕیار بە زۆرترین ژمارە وە پارێزگاری کردن لەمانەوەیان) (سەپان، 2012: 247).

لە پێناسەیەکی ڕێکلامدا توێژەر دەبینێ ڕێکلام هۆکارێکی پەیوەندییەو ئامانجی ناساندنە بەخزمەتگوزاری و شتومەک نمایش کراوە لەبازاڕەکاندا و قایلکردنی جەماوەر بەکرینی و کارکردنە سەرباوەڕو ڕەوشت و خوی بەکارهێنانەوە لەڕێی هۆکاری پەیوەندی جیاوازەو. لەلایەکیترەوە کۆمەڵەی مارکێتینگی ئەمەریکی بەم شێوەیە پێناسەی چەمکی ڕێکلام دەکات: (ڕێکلام چالاکیەکی ناتاکەکسیە کە لەلایەن دەستەیەک یان گروپ و کۆمپانیایەکی دیاریکراوەوە یان خزمەتگوزاریەک یان بیرۆکەیەک، کەسیەتیەک ئەنجامی دەدات لەبەرامبەر برە پارەیەک بڵاودەکرێتەوە.(حسن، 2010: ل114)

1. چەمکی ڕێکلامی گەشتیاری: مەبەست لەڕێکلامی گەشتیاری ئەو هەوڵە ناکەسیانەیە کە کاردەکەن بۆ کارکردنە سەر سۆزو دڵ نەرمی و هەستی گەشتیار و ئاراستەکردنیان بەرەو گرێبەستێکی گەشتیاری دیاریکراو.(الخظيري، 1989: 40)

2. پەیوەندی کڕین و فرۆشتنی خزمەتگوزاری بەرێکلامەوە: پێویستە ئەوە لەبیرنەکرێ کە خودی ڕێکلام ئامانجێکە بەرێوەبەرایەتی کڕین وفرۆشتنی نوێ بۆی تێدەکۆشێ، بەڵام هۆکارێکە یاخود ئامرازێکە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی کڕین و فرۆشتنێکی دیاریکراو تەنیا ئەو توانای هێنانەدی ئەو ئامانجانەی کە بەڕێوەبەرایەتی ڕێکلامەکە کۆششی بۆ دەکات، هەروەها پێویست ناکات لە هۆکارەکانی یاخود شێوازەکانی کڕین و فرۆشتنەکانی تر جیاوازبێت (تایبەت بەنرخاندن و دابەشکردن و فرۆشتن و پێچانەوەو خزمەت و دەستەبەربون). چونکە بازاڕ بەگشتی لەکۆمەڵێک لەم شێوازانەی کە لەنێوان خۆیاندا کاردەکەنە سەریەکتری، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ڕێکلامەکە ئەگەر بەشێوەیەکی باشیش پلان دابرێژێت، بەرەنگاری سەرنەکەوتن دەبێتەوە، ئەگەر هەماهەنگی لە نێوان شێوازەکانی کڕین و فرۆشتنەکاندا نەبێت، لەبەر ئەوە ڕێکلام لەکاری کرین وفرۆشتندا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ، چونکە ڕێکلام بەشداری و یارمەتی لەبازاڕ گەرمی و بەکارهێنانی کەلوپەلەکە دەدات، و جوڵەیەکی کڕین و فرۆشتن بۆ ئەو کەلوپەلەی ڕێکلامی بۆ کراوە یاخود ئەو کەلوپەلەی لە بازاڕدا هەیە دەکات.هەروەها لە دیدی کۆمەڵەی بازاڕکاری ئەمریکییەوە بریتییە لە: "چالاکییەک بۆ پێشکەشکردنی بیر و ڕا، یان کاڵا یان خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو لە ڕێگەی لایەنێکی دیاریکراوەوە بە نرخێکی دیاریکراو". (ابورستم، 2003: 13)

هاوکات فەرهەنگی فەڕەنسی «Lalarouse» ڕێکلام وەها پێناسەدەکات کە: «کۆمەڵێک ئامرازی بەکارهاتوە، بە مەبەستی ناساندنی پرۆژەیەکی پیشەسازی، بازرگانی، یاخود پیاهەڵدان بە بەرهەمهێنراوێکدا. (بەدەوی، قانع، 2014: 97).

یان دەتوانرێت بوترێت چەمکی ڕێکلام: «گەیاندنی زانیارییەکانە دەربارەی بیرۆکە، کاڵا یان خزمەتگوزاریەک بە کۆمەڵ یان جەماوەرێک بۆ ئەوەی هەڵوێستو ڕەفتارێکیان لێ بوەشێتەوە، ئەوە بە پارە دەکرێت لەڕێی کەناڵەکانی پەیوەندی جەماوەرییەوە بڵاودەکرێتەوە. (ڕۆژهەلاتی، 2013: 121).

## دوەم: گرنگی و ئامانج وکاتی ڕێکلام بۆ شوێنە گەشتیارییەکان

### 1. گرنگی ڕێکلام بۆ بۆ شوێنە گەشتیارییەکان

بەهۆی پێشبرکێ لە بازاڕی میوانخانەکانداو دەرکەوتنی کڕین و فرۆشتن و بەرهەمی پێشبرکێی گرنگی ڕێکلام لە دامەزراوە میوانخانەیی و گەشتیارییەکاندا و پیشەسازی زیادیکرد، هەروەها لە پێناو دەرخستنی خزمەتگوزارییەکان بۆ گەشتیاران و بۆ پاراستنی شوێنی خۆی لەبازاڕی پێشبرکێدا، چونکە گرنگی ڕێکلام لەنێوان ئەو ئەنجامە باشانەی کە لەڕاکێشانی گەشتیاراندا و ئارەزو و جوڵاندنی بۆ چونە نێو بەرنامە گەشتیارەکان گرنگی ڕێکلام دەرکەوت لەبەرئەوەی ڕێکلام هونەری نوێ لەخۆدەگرێت کار دەکاتە سەر قۆناغەکانی بەدەنگەوەچونی گەشتیارەکە و کاری وەرگرتنی بڕیاری کڕین خێرا دەکات. چونکە گرنگی ڕێکلام لەمانەدایە: (السرابي، 2001 : 103)

زیادکردنی داواکاری لەسەر بەرنامە گەشتیارییەکە، لەڕێی پلان دانانی نامە ڕیکلامییەکە بەشێوەیەک لەگەڵ پێویستی و ئارەزوی گەشتیارەکە بگونجێ و ڕێکبکەوێت.

- ریکلام بۆ درێژکردنەوەی ماوەی ژیانی بەرهەمهێنراوە گەشتیارییەکە کاردەکات.
- ریکلام بۆ گەرمکردنی جۆری ژیانی نوێ کاردەکات.
- بۆ کەمکردنەوەی کۆی نرخی بەرنامە گەشتیارییەکان کاردەکات، چونکە ڕیکلامەکە بۆ زیادکردنی داواکاری و بازاڕ گەرمی تیدەکۆشێ، ئەوکات تێچونی بەرنامە گەشتیارییەکە کەم دەکات، ئەمەش کاردەکاتە سەر نرخی کۆتایی بەرنامە گەشتیارییەکە.

دەبینێ کە ڕیکلام بە گرنگترین تەوەرەی گوێپێدان دادەنێ لەلایەن گەشتیارەکانەوە، بەتایبەتی ڕیکلام ڕۆڵیکی گرنگی هەیە لە سەرنج ڕاکێشانی گەشتیارەکە بۆ گرێبەستی لەڕێی چی بشێ بیدات لە زانیاری و ڕونکردنەوە و ئاخاوتنی سۆز و ئەقل و هۆکارو تواناکانی، لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزوی سروشتی تاک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەناوبانگترین خزمەتگوزاری تاقیکراوە لەلایەن جەماوەرەوە. (لخظيري، 1989: 68)

و دەبینێ هەستی کارمەندان بەبەردەوامی ڕیکلامەکە دەربارەی دامەزراوەکەو کەلوپەلەکانیان کە خۆیان بەرهەمهێنەری ڕاستەقینەن هەستی ئینتیما بۆ ئەم دامەزراوانە دروست دەکات کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی هێزی دەرونیان ئەمەش بۆ ڕێژەی ئەدای کارەکانیان پەرچدانەوەی دەبێت و بڵاوبونەوەی ناڕەزایی لەناویاندا کەم دەبێتەوە، هەروەها بۆ باشکردنی کەلوپەلەکە بۆ ئەو ئاستەی ڕیکلامی بۆ کراوە. (منديل، 1988: 54)

لەبەرئەوە نابێ گرنگی ڕیکلام لەم بوارەدا فەرامۆش بکرێت، دەبینین هەندێ چێشتخانە لەڕێی هەڵمەتی ڕیکلامی گەورەوە بۆ بازاڕ گەرمی بەرهەمە نوێیەکەی سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، لەساڵی (1985ز) زنجیرەیەک لە چێشتخانەکانی (Burger King) نزیکەی (50) ملیۆن دۆلاری ئەمریکییان بۆ ڕیکلامێک دەربارەی بەرهەمهێنان بۆ ماوەیەک لە خواردن خەرجکرد، لەکاتێکدا زنجیرە چێشتخانەکانی (Wendy) نزیکەی (14) ملیۆن دۆلاری بۆ ڕیکلامی یەک لیستی نانی بەیانی کە پێشکەشی دەکات خەرجکرد.(كدو،1998: 211)

چونکە ئاراستەبونی گەشتیار بۆ ناوچەیەک بەپلەی یەکەم پشت بەو ڕیکلامەوە دەبەستێ کە لەوە پێش ئەم ناوچەیەی نەدیوە چونکە سەرکەوتنی ڕیکلامەکە مانای سەرکەوتنی گەشتیارییە لەبەر ئەم هۆیە تێبینی دەکەین، کە زۆر لە وڵاتان هێزیان خستە سەرخاڵی جۆرییەتی ئەو ڕیکلامەی دەربارەی ناوچە گەشتیارییەکان لەبەرئەوەی هۆکاری گرنگە بۆ سەرکەوتنی گەشتیاری.

کاری پلاندانان و نرخاندنی ڕیکلامەکان کارێکی گرنگە بۆ جیاکردنەوەی نامە ستراتیژییەکانی دامەزراوەکە، تەرخانکردنی دراوی پێویست بۆی. لەبەرئەوە بڵاوکەرەوەی ڕیکلامەکە بەهۆی بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکەوە بەگەڵێ کار هەڵدەستێ ئەوەش بەرهەمهێنانی ڕیکلامەکەیە، ئینجا نرخاندن، ئینجا پەرەپێدانی کاریگەر و تەواوکرنی بۆ ئەوەی ئامانجی ویستراو بپێکێ. و لەڕوانگەی توێژەرەوە کرداری ڕیکلامی یارمەتی جێگیرکردنی میوانخانەکە دەدات، ئینجا

ڕاکێشانی گەشتیارەکان و ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی فرۆشراوەکان، هەروەها ڕێکلام یارمەتی کرداری گۆڕینی حەزو ئارەزوەکان دەدات و دروستکردنی بەکارهێنانی وشیاری و ڕاوەستان بەڕوی پێشبڕکێکەرانەوە، لەبەرئەوە ڕێکلامی دروستکراو بۆ مەبەستی بازاڕگەرمی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان دەبێ ڕاستگۆبێ و گوزارشت لە ڕاستی ئەو خزمەتگوزارییانە بکات کە بەڕاستی تێیدایە، ئەگەرنا دەبێتە تەنیا هۆکارێکی یاریکردن بەئەقل و هەستی گەشتیارەکان.

## 2. ڕێکلام بۆ شوێنە گەشیارییەکان

ئامانج لە ڕێکلامکردن بۆ دامەزراوە گەشتیارییەکان بریتییە لەدروستکردنی وشیاری و بزواندنی وریایی میوانخانەکان دەربارەی میوانخانەکەو خزمەتگوزارییەکانی، دروستکردنی گوێپێدان لای میوانەکان و هاندانیان بۆ گەڕان بەدوای زانیاری تردا کە پەیوەندی بەرێکلامەکەوە هەیە، وەرگێرانی گوێپێدانی بۆ ئارەزوی تاقیکردنەوەی کەلوپەلە خزمەتگوزارییە میوانخانەییەکان، ئامانجەکانی بەپێی میوانەکان بێت و بریتیبێت لەهەڵسان سەربەستانە بەڕوکردنە کڕینی کەلوپەلو خزمەتگوزارییە میوانخانەییەکان، ئەمەش بەوشیاری دەناسرێ، گوێپێدان و ئارەزو و ناساندن، لێرەدا دەشێ تێکڕای ئامانجەکانی ڕێکلامەکەبێ کە بریتییە لە وشیاری و گوێپێدان و ئارەزو و ناسینی ئەو کەسایەتیانەی لە میوانخانەکە دەبن. (عبوي، 2006: 98)

دەبینن کە ئامانجی سەرەکی ڕێکلامەکە گۆڕینی ئارەزو لایان و هەڵسوکەوتی بەکارهێنەرە چاوەڕوانکراوەکانە تا بەشێوازێکی قەبوڵکراو هەڵسوکەوت بکەن، چونکە ڕێکلام هەوڵدەدات حەزو ئارەزوی بەکارهێنەرەکان بۆ کڕینی کەلوپەلێک ئەگەر ڕێکلامەکە نەبوایە قایلی کڕینی نەدەبو. لە یەکێک لەڕێکلامە بەناوبانگەکاندا پیاوێکی خاوەن کار دەردەکەوێ لەکاتێکدا نێردراوی فرۆشتن لەبەردەمی ڕادەوەستێ و یەکێک لەبەرهەمەکانی کۆمپانیاکەی بەدەستەوە دەگرێ، نازانم تۆکێی، و کۆمپانیاکەش ناناسم، و بەرهەمی کۆمپانیاکەشت ناناسم، و ئامانجی کۆمپانیاکەشت نازانم، و نوێنەری کۆمپانیاکەشت ناناسم، و تۆماری کۆمپانیاکەت نازانم، و هیچ دەربارەی ناوبانگی کۆمپانیاکەت نازانم، ئێستا دەتەوێ چیم پێ بفرۆشی؟ ئامانجی ئەم ڕێکلامە ئەوەیە بەخەڵکی بڵێت هیچ بەرهەمێک یاخود خزمەتگوزارییەک ناکڕین، تاوەکو شتێک زانیاری دەربارەی فرۆشتن نەزانین، و کۆمپانیا فرۆشیارەکە و بەرهەمەکان یاخود ئەو خزمەتگوزارییانەی دەیفرۆشێ، وەڵامدانەی ئەم پرسیارانە ئامانجی کرداری ڕێکلامەکە دەنوێنێ کە بەشێکی گرنگە لە کرداری کڕین و فرۆشتنی خزمەتگوزارییەکە یاخود زۆرکردنی ئەو زانیاریانەی کەخزمەت بەدەستەی کڕین و فرۆشتن دەکات لەقایلکردنی بەکارهێنەرو بۆ کڕینی ئەو بەرهەمەی کە ڕێکلامی بۆ کراوە بەمانای ئامانجی ڕێکلامەکە کە ئاگادارکردن و قایلکردنە، چونکە پێویستە بەکارهێنەرەکە بەرهەمەکە یاخود خزمەتگوزارییەکە پێش کڕینی بزانێت.(ابو ڕستم، 2003: 79)

لەبەرئەوە ئامانجی ڕێکلامەکە بەهێزکردنی وێنەی وشیاری و دەرخستنی چاکی خزمەتگوزارییەکانی میوانخانەکەو جیاوازیکردنە لەنێوان میوانخانەکەو میوانخانەکانی تر لەبازاڕی گەشتیاریدا.

لەبەرئەوە بەشێوەیەکی گشتی ڕێکلام کاردەکاتە سەر ڕەوشتی بەکارهێنەران و ئاڕاستەیان ڕوەو ئەو کەلوپەلەی ئاگاداری بۆ دەکرێت و هانیان دەدات ڕوی تێبکەن، هەرچەند ڕێکلامەکە بینراو بێت کارتێکردنی لەسەر وەرگر زیاتر دەبێ.

لێرەوە ئامانجی سەرەکی ڕێکلامەکە ئەوەیە کە ڕێکخراوە گەشتیارییەکان بتوانن لەڕێی دەستکەوتی بەشە بازاڕی بەرزەوە فرۆشیان زیادبکەن و ئامانجی ڕێکلامی ئەمانەیە:

پێشکەش کردن و ناساندنی خزمەتگوزاری و شوێنە گەشتیارییەکان، چونکە یەکەم هەنگاو بۆ قۆناغی بەدەنگەوەهاتن هەمیشە ناساندنی جەماوەری دەستنیشانکراوە بەبونی خزمەتگوزاری گەشتیاری، لەبازاڕی نەزانینەوە بۆ زانین لەبارەیەوە.

وەبیرخستنەوەی گەشتیارەکە بەخزمەتگوارییە گەشتیارییەکان کە مەبەستی بازارگەرمییە، بەواتایەکی تر ئەو خزمەتگوزاری و شوێنە گەشتیاریانەی کە پێویستی و ئارەزوەکانی دابین دەکەن، هێشتا دەست دەکەون، هەر لەگەڵ بەشداریکردن لەبەرنامە گەشتیارییەکاندا کەڵکە داراییەکانی بۆ دەگەرێتەوە. (خالد، 1999: 57)

- فراوانیکردن لەپێشکەشکردنی لە کەلوپەلە خزمەتگوزارییە میوانخانەییەکاندا بەپێی پێویستی بازاڕی دەستنیشانکراو، ئەوەش لەڕێی هەستانی میوانخانەکە بەگەرمکردنی بازاڕی کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان بەتەواوی و دەرخستنی توانای گونجاوی میوانخانەکە، لەڕێی مامەڵەکردن لەگەڵ بەشێک لە بازاڕەکە، یاخود بازاڕ گەرمکردن لەوەرزێکی دیاریکراودا وەک خزمەتگوزارییەکانی مەلەوانگە لەپشوی قوتابخانەکاندا.
- بەرەنگاربونەوەی ئەو بەرنامە بازاڕگەرمکەرانەی میوانخانە برکێکەرەکانی ئێستاو چاوەڕوانکراوەکان کە بەئاسایی کاردەکەنە سەر ڕەفتاری گەشتیارەکانی ئێستاو چاوەڕوانکراوەکانی میوانخانەکە.
- گۆرینی دودڵی و ئاکارو ڕەفتاری بەکارهێنەرە چاوەڕوانکراوەکان بۆ کڕینی بەرهەمێک ئەگەر ڕێکلامێک نەبوایە قایل نەدەبون.
- دروستکردنی داواکاری لەسەر کەلوپەلێکی دیاریکراو لە قۆناغێکی سەرەتاییدا ئینجا کارکردن بۆ تێرکردنی بە قۆناغێکی داهاتودا.
- دروستکردنی جۆرێک لەپەیوەندی و گوێڕایەڵی لەنێوان کەلوپەل و بەکارهێنەرانیاندا لەڕێی ناساندنی بەکارهێنەران بەڕاگەیاندنی پەیوەندیدار بەو کەلوپەل و خزمەتگوزاریانەی کاردەکەنە سەر بڕیاردانی کڕین.
- زیادکردنی فرۆشراوەکان لەوەرزی کەمبونەوەی داواکاریدا، چونکە زۆر لەبەرهەمهێنراوەکان وەرزی فرۆشتن یاخود ماوەی بەکارهێنانی ئاساییان هەیە، بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەمەدا زۆر لەرێکلامەکان بەدرێژایی ساڵ بۆ بزواندنی داواکارییەکە هەوڵ دەدەن.

### 3. دانانی کاتی ڕیکلامەکە

هەڵبژاردنی دانانی کاتی ڕیکلامەکە لە کاریگەری و پێکانی ئامانجی خواستراوی زیاددەکات، ئەمەش پشتبەستنی سروشتی بازاڕەکەیە، وەرزی چالاکی و میوانخانەییە و هۆکاری بەکارهێنراوەوەیە بەجۆرێکی بنەڕەتی، بۆنمونە دەشێ میوانخانەکە هەڵمەتی ڕیکلامی پێش پشوی هاوینەوە بەکاتێکی کەم بۆ قوتابیان هەڵبستێ بۆ ئەوەی ئامانجی هەڵمەتەکە بێنێتەدی، ئەم دانانی کاتە بەو تایبەتمەندیانە دادەنرێت کە پێویستە لەریکلامی سەرکەوتودا هەبێت، کات لەریکلامدا زۆرگرنگە چونکە یارمەتی دیاریکردنی کاتی ڕیکلامەکە و وەرزەکەی دەکات. (عبوي، 2006: 63)

لەگرنگترین لێهاتویی ڕیکلامی گەشتیاری ئەوەیە کە شوێنەوارێکی ڕێژەیی خێرا بەدەست دێنێ، بەڵام ئەمە بەخێرایی دەتوێتەوەو بەرێوەبەرێتی یەکێک لەمیوانخانەکان بۆی دەرکەوت، کە ڕوتێکردنی گەشتیاران لەئەنجامی تەنیا نایابی خزمەت و تفاقی باشەوە نەبوە، بەڵکو هۆی ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەی جوان کە چوار دەوری میوانخانەکە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر میوانەکان هەیە، ئەمەش پاڵی بەبەڕێوەبەرایەتیەکەوە نا کە هێز بخاتە سەر ئەم هۆکارە لە هۆکاری نویدا، ئەنجامیشی زیادبونی گەشتیارەکانە بۆ ڕێژەیەکی بەرز.

لەوەی پێشەوە بۆمان دەردەکەوێ کە دەبێ توێژینەوەیەکی تەواو لە جەماوەری بەکارهێنەراندا بکرێت، چونکە بۆ زانینی پێویستە ڕاستییەکان بەپێی ئەو توێژینەوانەبن کە پەنایان بۆ دەبەین تا بتوانرێت ئەو ڕیکلامەی دەگونجێ لەگەڵیاندا ئامادەبکرێت لەرێی یەکخستنی هەمو کارتێکەرانی ترەوە، چونکە یەکتر تەواو دەکەن و لەگەڵ گەورەترین ژمارەی جەماوەر دەگونجێ. لەبەرئەوە دەشێ گەشتیارەکە ببزوێنرێت و دەست بەسەر وەرەیاندا بگیرێت، ئەگەر ئەم شێوازانە بەکارهێنران- (غنيم، 1974: 106)

دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو گرفتانەی ڕوبەڕوی گەشتیار دەبنەوە لەڕێی بەجێهێنانی پێویستی و ئارەزوەکانی چونکە ئەوەی بەلای گرنگە دورکەوتنەوەیە لەکێشە ئالۆزەکانی ڕۆژانە، بەدابینکردنی هەمو هۆکارەکانی حەوانەوەو خۆشی و پشودان لەڕێی گەشتیارییەوە.

بانگەوازکەر بەناسینی پاڵپێوەنەری سەرەکی لەلای زۆرینەی گەشتیارەکانەوە لەڕۆشنایی ئەوەوە نامە ڕیکلامیەکەی بینا دەکات بەشێوەیەک هۆکاری سروشتی تێدابێت بۆ بەدەنگەوەچونی ڕوانینە کۆمەڵایەتییەکان و ئارەزوی دەرونی گەشتیارەکە.

کاتی ئامادەکردنی نامە ڕیکلامییەکە پێویستە جارڕەرەکە پشت بەنهێنییەکانی شارستانیەکی گرنگەوە ببەستێ، ئەمەش لەناوی زۆری میوانخانەو کۆمپانیای گەشتیاری و پاپۆری گواستنەوەی گەشتیاراندا، لەگەڵ لایەنێکی گەورە لەسەیرانگاو چێشتخانەو شانۆکاندا و هەندێ خزمەتگوزاریە گشتیەکاندا دەبینین.

هەندێ لەپیاوانی ڕیکلام وێنەی کەسایەتی بەناوبانگ و گەورە ئەکتەرو ئەو پێشەوایانەی سەردانی ئەو شوێنە یان کردوە لەنامە ڕیکلامیەکاندا بەکاردەهێنین، وەک هۆکارێکی بزواندنی بەکارهێنەران.

بەکارهێنانی شێوازێکی شادمانی و شۆخ بۆ سەرنج ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیارەکان، بەدورکەوتنەوە لە وشەی فەرمانکردنی بێزارکەر کە دەبێتە هۆی وروژاندنی گیانی شپرزەیی لای گەشتیاران.

گەشتیار هەوڵی زانینی هەمو شتێکی نوێ دەدات، لەبەرئەوە پێویستە نامەکە ئاراستەی لایەنی پێویستی دواڕۆژی گەشتیارەکە بکرێت کە لەگەڵ سەردەم و پێشکەوتن بگونجێ.

لەسەر ئاستی کاری گەشتیاری و میوانخانەیی هەندێ لەبەڕێوەبەرایەتییەکان دوژمنکاری بەهاندەرێکی گرنگ لە کرداری بازاڕیدا دەزانن.

بەڵام دەبینێ ئەو هۆکارە جیاوازانەی کاردەکەنە سەر گەشتیار ملکەچی ئەو سیاستە ڕێکلامییەی میوانخانەکەیە بەپێی گرنگی، گرنگترینیان قەوارەی میوانخانەکەو جۆراوجۆری خزمەتگوزارییەکانی و پلەی پێشبرکێیەکە بەرەنگاری دەبێتەوە.

لەبەرئەوە لەوانەیە ڕێکلامەکە بەهۆی ڕۆژنامەو گۆڤارو یاخود تەلەڤیزیۆن، یان سینەماو یان بەهۆی تابلۆی پلاستیکی یان ئاسنەوە دەبێت. لەبەرئەوەی گەشتیار پشت بەرێکلامی سەرکەوتو دەبەستێ هەستان بەکاری چالاککردنی هەمیشەوە زۆر پێویستە، دەستە بەرکردنی بەردەوامی و دامەزراندنی نوسینگەی هەمیشەیی لەبازاڕە گەشتیارییەکە دەستنیشانکراوەکاندا ئامانجی سەرەکی ئاشنابونی ئارەزوەکانی گەشتیارە و توێژینەوەی بازاڕەکەو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی گەشتیارەکان، لەڕوی خزمەتگوزارییەکانەوە بۆ نمونە ئیسپانیا یەکەم دەوڵەتە لەخەرجکردندا بۆ چالاک کردن و بازاڕگەرمی، ساڵی(1997) بڕی (71) ملیۆن دۆلاری خەرج کردو (43) ملیۆن گەشتیار ڕویان تێکرد(6، 26) ملیار دۆلاریان خەرجکرد، بۆ ئەوەی داهاتەکانی زیادبکات بۆ ڕاپەڕاندنی گەلێ بەرهەم، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئیسپانیا (65، 1) دۆلار بۆ چالاککردن و بازاڕگەرمی جەرج دەکات بۆ هاندانی گەشتیارێک، ئامارەکان دەریانخست کە هەر گەشتیارێک (614) دۆلاری خەرجکردوە، لەبەرئەوە هەر دۆلارێک بۆ بەرهەمی (372) دۆلاری بەدەستهێناوە، بەمانای خەرجکردنی هەر (69، 2) دۆلار بۆ چالاککردن و بازاڕگەرمی بەرهەمی داهاتی تری دێتە سەر کە دەکاتە (1000) دۆلار. (البكري، 2004، 126)

**سێیەم: هۆکارەکانی سەرنجراکێشانی گەشتیارو ڕێگاکانی پەیوەندی**

1. **هۆکارەکانی سەرنج ڕاکێشانی گەشتیار:** ڕێکلام ناتوانی ببێتە هۆی گەیاندنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە خۆی لەخۆیدا لەکاڵاکە بونی نییە، بۆیە کەسی ڕێکلامەکە ناتوانی زانیاری هەلە لە ڕێکلامدا بەکاربهێنێ یاخود بدات بەوەرگر، لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کاتی بتوانێ ئەم ڕێکلامە سەرنجی بەکاربەر ڕابکێشی بەڵام دواجار بەکاربەر ئەوەی بۆ ڕون دەبێتەوە کە زانیارییەکانی ناو ڕێکلامەکە یەکانگیرنین لەگەڵ ئەو کالآیە، واتە ڕێکلامەکە لەگەڵ

واقیعدا یەكناگرێتەوە بۆیە پێویستە زانیارییەكانی ناو ڕیكلام زانیاری ڕاستبن و بەهۆیەوە بتوانێ سەرنجی بەكاربەر بۆ كالاكە ڕابكێشێ و وایان لێ بكات هەوڵی كڕینی بدەن. (البكري، 2004، 126)

2. **چۆنیەتی پەیوەندی:** چۆنیەتی پەیوەندی كردن بەگەشتیارەوە بەگوێرەی ئەو مەبەستەی پلانەكەی بۆ دانراوە دەگۆڕێ بۆ ئەوە زانیاری پێویست دەربارەی خزمەتە گەشتیارەكە یاخود بەرنامە گەشتیارییەكان بەشێوەیەكی بێگەرد بگەیەنرێتە گەشتیارەكە،لێرەوە لەسەر پیاوی كریارو فرۆشیاری گەشتیاری پێویستە ئاگاداری هەمو زانیارییەک دەربارەی هەمو كارەكانی پەیوەندی هەبێت هەر لەلێهاتویی و جیاوازی ناتەواوی هەمو كارێک، هەروەها تێچونی بۆئەوەی هەڵبژاردنی ئەو بەرنامەگەشتیارییەی دەگونجێ هەڵبژێرێت و زانینی ئەو هۆكارەی كاردەكاتە سەرجەماوەری گەشتیار. پێویستە لەلای خاڵێک بوەستین ئەویش كاری ڕێكلامیە بۆ بەرهەمی هەستپێنەكراو ئاسانترە وەكو خزمەتگوزارییە گەشتیارییەكان، گرنگی بەكارهێنانی هۆكاری كاركردنە سەر توێژەرە دیاریكراوەكە ئاشكرایە. (البكري، 2004، 126)

**تەلەڤزیۆن:** هۆكاری پەیوەندی جەماوەری دەنوێنێ و خاوەن كارگەیەكی بەڕكارە لەسەر جەماوەری وەرگر چونكە ڕێكلامەكە دەبینرێ و دەبیسترێ، هەروەها هەڵبژاردنی كاتی گونجاو بۆ ئەو ڕێكلامە گرنگییەكی گەورەی هەیە بۆ ئەوەی ڕێكلامەكە كاربكاتە سەر جەماوەر. تەلەڤزیۆن بەئامرازێكی گرنگ و پربایەخی بواری ڕێكلامكردن دادەنرێت، كە زۆربەی كۆمپانیا بازرگانییەكان و حكومەت و دامەزراوەكان، بەمەبەستی ڕێكلامكردن پشتیپێ دەبەستن و بەكاریدەهێنن.(محەمەد، 2011: 66)

**ڕادیۆ:** جیاوازی بڵاوبونەوەی فراوانی هەیە و دەشێ لە هەمو شوێنێک بەكاربهێنرێت، هەروەها ڕێكلامكردن بەم هۆكارە پێویستە بەیارمەتی دەنگێک بەكاربێت لەسەر جەماوەر، هەروەكو پێشكەشكاری بەرنامەكە جیاوازبێت یاخود بەناوبانگ و پلەی لەلای جەماوەر هەبێت بۆ ئەوەی وشیارییان بۆ لای ڕێكلامەكە ڕابكێشێ.

**ڕۆژنامە:** ئەم هۆكارە گرنگییەكی گەورە دەنوێنێ بۆ بڵاوكردنەوەی ئاگادارییەكان دەربارەی بەرنامە گشتیارییەكان لەبەرئەوەی كاریگەرییەكی ڕاستەوخۆی لەسەر جەماوەر هەیە و دەشێ ئەم ڕۆژنامانە ڕۆژانەبن یان هەفتانەبن.

**گۆڤار:** ڕێكلام كردن لەگۆڤارەكاندا جیاوازی سەرنج ڕاكێشانی گەورەی هەیە لەڕێی بەكارهێنانی وێنەو ڕەنگەكان بە شێوازێكی جیاواز، لەبەرئەوە گۆڤارە گەشتیارییە پسپۆرییەكان هۆكارێكی گرنگیان لەسەر ڕاكێشانی گەشتیارەكاندا هەیە بۆ گرێبەستی بەرنامە گەشتیارییەكان.

**تابلۆ و پێوەلكێنراوەكان:** ئەم هۆكارە بەبەربڵاوی بەكاردەهێنرێت، چونكە سەرنج ڕاكێش و بزوێنەرە، لەوانەیە لەدوڕیانی ڕێگا سەرەكییەكاندا، یاخود لەبەندەرەكان و شەقامی فرۆكەخانەكاندا یان لەسەر بینایە بەرزەكاندا دابنرێت بۆئەوەی سەرنجی جەماوەر ڕابكێشێ، بۆ بەشداری كردن لەبەرنامە گەشتیارییەكاندا یان كڕینی ئەو كەلوپەلەی ڕێكلامە بۆ كراوە بەشداری بكات، هەروەها دەبێ شوێنە قەرەباڵغەكان بۆ نمایشكردنی ئەو تابلۆ و پێوەلكێنراو و وێنە ڕەنگاوڕەنگە سەرنج ڕاكێشەكان بەكاربهێنرێن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ویستراوەكان.

**پاڵەوانێتیە وەرزشیە جیهانیەکان:** ڕوداوە وەرزشیەکان وەکو پاڵەوانێتیەکانی جامی جیهانی یان ئۆڵۆمپیادە وەرزشییەکان گرنگن لەرێکلامی گەشتیاریدا، چونکە سەرنجی زۆر لەگەشتیارەکان ڕادەکێشن و گرێبەستی بەرنامە گەشتیارییەکان لەو دەوڵەتانەی کە ئەو ڕوداو و پێشبڕکێ وەرزشیانەیان تێدا سازدەکرێت.

**ڤێستیڤاڵەکان:** ڤێستیڤاڵ نوێنەرێتی هۆکارێکی گرنگ دەکات لەو هۆکارە سەرنج ڕاکێشەرانەی کە لەرێکلامی گەشتیاریدا بەکارهێنراون، زۆر لەکۆمپانیا گەشتیارییەکان بۆ ڕیکلامی بەرنامەکانیان لەو شوێنانەی تیایاندا سازدەدرێن سود لەم بۆنانە وەردەگرن وەک ڤێستیڤاڵی بابل و قرتاج و ڤێستیڤاڵی جەرەش، ئەم ڤێستیڤاڵانەش لەلایەن خۆیانەوە سەرنجی زۆر لە گەشتیاران بۆ گرێبەستی ئەم بەرنامانە ڕادەکێشی.

**تۆڕی جیهانی بۆ زانیاری (ئینتەرنێت):** ئەمەش بەکارهێنانی باوە بۆ نمایشکردنی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و میوانخانەییەکان بەمەبەستی ناساندنی گەشتیاران بەبەرنامە خزمەتگوزارییەکان و ئەو ئاسانکاریە پێشنیارکراوانە، لەو هۆکارە کاریگەریانەن بۆ سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو خزمەتگوزاری و بەرنامانە.

لێرەوە دەبێ ئەوە وەبیربخەینەوە کە هەڵبژاردنی یەکێک لەو هۆکارە ڕیکلامیانە پێویستە بە توێژینەوەیەکی بەرفراوان بکرێت بۆ ئەوەی دامەزراوە میوانخانەییەکە ئامانجی لە ڕیکلامەکە بپێکێ کە ئەمەش کڕین و فرۆشتنی خزمەتگوزارییەکانیەتی و زیادکردنی فرۆشی هەریەک لەم هۆکارانە باشی و خراپی هەیە لەبەرئەوە پێویستە پێش ئەوەی ڕیکلامەکە دیاریبکرێت توێژێکی دیاریکراو لە بەکارهێنەران دیاریبکرێن بۆ ئەوەی کڕین و فرۆشتنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو توێژە تەواو بکرێت، هەروەها ئەوە لەبیرنەکەین کە دابینکردنی بودجەیەک لەگەڵ قەوارەی ڕیکلامەکە و ئامانجی بگونجێ و دوبارەکردنەوەی ڕیکلامەکە بۆ ماوەیەکی ڕێککەوتو لەگەڵ ئەو وەرزانەی کە جوڵەی گەشتیارییان تێدا چالاک دەبێت لەپێناو هێنانەوەی ئامانجە ویستراوەکان.

3. **پەیوەندی شێوازەکانی گەیاندن بەکۆمەڵگاوە:** هەڵبژاردنی یەکێک لەهۆکاری پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە یان کۆمەڵێکی ترەوە زۆر بە گرنگ دادەنرێت بەپێی ئەوەی چەند کاردەکاتە سەر جوڵاندنی هەستی کۆمەڵی گەشتیارانەوە و ڕاکێشانی وشیارییان ڕووەو ئەم ڕیکلامە و هێنانە ژێربار بۆ بەشداریکردنی لە کڕینی کەلوپەل و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکاندا دوای ئەوەی باشی کەڵکەکانی زانی. چالاکی ڕیکلامی بەکۆمەڵی چواردەورەوە کاری تێدەکرێت. کاریشی تێدەکات، هەروەها لەگەڵ بارودۆخ و دابونەریتی و بەهای کۆمەڵدا دەگونجێ، ڕیکلامی خراپ زەرەر بەکۆمەڵ دەگەیەنێ بەڵام ڕیکلامی باش و ئاراستە کراو خزمەتێکی مرۆیی گەورەی تێدایە.(محەمەد، 2011: 10)

## پاری سێیەم: شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی

فۆرمی پێوانەکردنی (ڕۆڵی ڕیکلام لەبەبازاڕکردنی خزمەتگوزاریی لە میوانخانەکانی هەرێمی کوردستان) لەم بەشەدا توێژەر هەڵساوە بەدابەش کردنی فۆرم بەسەر میوانخانەکانی شاری هەولێردا کە لە (7) پرسیاری تایبەتی و (16) پرسیاری گشتی پێکهاتوە. بەمەبەستی وردبونەوە لە ڕۆڵی ڕیکلام.

**خشتەی (1) ڕەگەزی نمونەی توێژینەوە**

| ڕەگەز | ژمارە | | ڕێژەی سەدی | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 25 | | %54 | | |
| مێ | 22 | | %46 | | |
| **تەمەن** | **نێر** | **ڕێژەی سەدی** | **مێ** | **ڕێژەی سەدی** | **کۆی گشتی** |
| 25 18 | 14 | %29 | 10 | %21 | %50 |
| 33-26 | 8 | %17 | 7 | %14 | %31 |
| 41-34 | 1 | %2 | 3 | %6 | %8 |
| 49 42 | 1 | %2 | 2 | %4 | %8 |
| زیاتر لە 49 | 1 | %2 | - | - | %2 |
| **ڕەگەزنامە** | **نێر** | **ڕێژەی سەدی** | **مێ** | **ڕێژەی سەدی** | **کۆی گشتی** |
| ڕەگەزنامەی عێراقی | 21 | %44 | 21 | %44 | %84 |
| ڕەگەزنامەی بیانی | 4 | %8 | 1 | %2 | %10 |
| **باری کۆمەڵایەتی** | **نێر** | **ڕێژەی سەدی** | **مێ** | **ڕێژەی سەدی** | **کۆی گشتی** |
| سەڵت | 12 | %25 | 13 | %27 | %52 |
| خێزاندار | 13 | %27 | 9 | %19 | %46 |
| **پلەی خوێندەواری** | **نێر** | **ڕێژەی سەدی** | **مێ** | **ڕێژەی سەدی** | **کۆی گشتی** |
| سەرەتایی | 1 | %2 | 4 | %8 | %10 |
| ناوەندی | 7 | %14 | 7 | %14 | %28 |
| ئامادەیی | 6 | %12 | 2 | %4 | %16 |
| دبلۆم | 5 | %10 | 3 | %6 | %16 |
| بەکالۆریۆس | 6 | %12 | 6 | %12 | %24 |
| ماستەر و دکتۆرا | - | | - | | |
| **پیشە** | **نێر** | **ڕێژەی سەدی** | **مێ** | **ڕێژەی سەدی** | **کۆی گشتی** |
| فەرمانبەری حکومی | 13 | %27 | 16 | %34 | %61 |
| کەرتی تایبەت | 12 | %25 | 6 | %12 | %37 |

لە خشتەی (1) تایبەت بە ڕەگەزەکانی سامپلی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ڕێژەی 54% گەشتیارەکان لە ڕەگەزی نێرینەن بەو پێیەش بەپلەی یەکەم دێت، ڕێژەی گەشتیارە مینەکانیش 46% و بەپلەی دوەم دێت.

لەو خشتەیە کە تایبەتە بەتەمەنی تاکەکانی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت 50% گەشتیارەکان تەمەنیان لەنێوان (25.18)دایە، بەهەردو ڕەگەز نێر و مێ. هەروەها 31% گەشتیارانیش تەمەنیان لەنێوان (26–33)یە لە هەردو ڕەگەز، ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە ڕێژەیەکی کەم لە گەشتیاران لەسەرو تەمەنی 33 ساڵییەوەن.

هەر سەبارەت بە ڕەگەزنامەی تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ 88% گەشتیارەکان، گەشتیاری ناوخۆیی و هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقین هەیە، ئەوانەشی ڕەگەزنامەی بیانین 8%، سەبارەت بە ڕەگەزی مێ ئەوانەی ڕەگەزنامەی عێراقیان هەیە 44%کە یەکسانە لەگەڵ ڕەگەزی نێر، تەنیا لە2% لە ڕەگەزی مێ ڕەگەزنامەی بیانیان هەیە.

سەبارەت بەباری کۆمەڵایەتی لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ52%زۆرترین گەشتیارەکان باری کۆمەڵایەتییەکان سەڵتە، و لەهەردو ڕەگەزی نێرو مێدا46%خێزاندارن.

هەروەها سەبارەت بەئاستی خوێندن لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ ڕون بۆوە 10% کە لەهەر دو ڕەگەزی نێرو مێدا ئاستی خوێندنی (سەرەتایین) و لە خوێندنی (ناوەندی)28%دان، لە خوێندنی (ئامادەیی)16%، لەخوێندنی (دبلۆم)16%، پلەی خوێندەواری لەخوێندنی (ئامادەیی و دبلۆم) لەیەک ئاستدان، خوێندنی (بەکالۆریۆس)24.% سەبارەت بەپیشە لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە لە ڕەگەزی نێرو مێ زۆرترین گەشتیار 61% فەرمانبەری حکومین، کەرتی تایبەت37.%.

### خشتە (2) داهاتی مانگانەی گەشتیار لای نمونەی توێژینەوە

| داهاتی مانگانە | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 400 –500 | 9 | 19% | 15 | 31% | 50% |
| 600.500 | 3 | 6% | 4 | 8% | 14% |
| 700.600 | 4 | 8% | 3 | 6% | 14% |
| 800.700 | 5 | 10% | - | | 10% |
| 900.800 هەزاربەرەوسەر | 4 | 8% | - | | 8% |

لە خشتەی (2)دا سەبارەت بەداهاتی مانگانە لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە زۆرترین ڕێژەی گەشتیار لەڕەگەزی نێر ومێ 50% داهاتی مانگانەیان دەگاتە (400 ـ500هەزار ) کەبەپلەی یەکەم دێت، وە 14% داهاتی مانگانەیان دەگاتە (500.600هەزار) وە ئەوانەی داهاتی مانگانەیان(700.600هەزار)14% لەیەک ئاست دان.

### خشتەی (3) بۆ ئەوەی گەشت بکەی ئایا سەیری ڕیکلام دەکەی؟

| ئایا سەیری ڕیکلام دەکەی | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | 21 | 44% | 22 | 46% | 90% |
| نەخێر | 4 | 8% | - | | 8% |

لەخشتەی (3)دا سەبارەت بەوەی (بۆ ئەوەی گەشت بکەی ئایا سەیری ڕیکلام دەکەی؟) لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە 90% گەشتیارەکان بەهەردو ڕەگەزەو سەیری ڕیکلامە گەشتیارییەکان دەکەن.

### خشتەی (4) زیاتر لەكام ئامرازی ڕاگەیاندن سەیری ڕێكلام دەكەی؟

| زیاتر لەکام ئامراز سەیری ڕێکلام دەکەی | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| تەلەڤزیۆن | 16 | 34% | 17 | 36% | 70% |
| ڕۆژنامە | 9 | 19% | 5 | 10% | 29% |
| گۆڤار | 3 | 6% | 2 | 4% | 10% |
| سۆشیال میدیا | 7 | 14% | - | | 14% |

لە خشتەی (4)دا سەبارەت بەو پرسیارەی (زیاتر لەكام ئامرازی ڕاگەیاندن سەیری ڕێكلام دەكەی؟) لای تاكەكانی سامپڵی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە 70%گەشتیارەكان، زیاتر لە(تەلەڤزیۆن) سەیری ڕێكلام دەكەن. ئەو گەشتیارانەشی لەڕۆژنامە سەیر دەكەن29%، و ئەوانە لە گۆڤار سەیری ڕێكلام دەكەن 10.%. وە سۆشیال میدیا 14%.

### خشتەی (5) سەیری چ جۆرە ڕێكلامێك دەكەی؟

| سەیری چ جۆرە ڕێکلامێک دەکەی | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| كاڵا | 13 | 38% | 9 | 33% | 71% |
| خزمەتگوزاری | 11 | 32% | 6 | 22% | 54% |
| چێشتخانە | 2 | 5% | 4 | 14% | 19% |
| میوانخانە | 3 | 8% | 2 | 7% | 15% |
| پزیشكی | 4 | 11% | 2 | 7% | 37% |
| هیتر | 1 | 2% | 1 | 4% | 6% |

لە خشتەی (5)دا سەبارەت بە پرسیاری (سەیری چ جۆرە ڕێكلامێك دەكەی؟)لای تاكەكانی سامپڵی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە زۆرترین گەشتیار لەڕەگەزی نێرو مێدا سەیری ڕێكلامی (كاڵا) دەكەن كە دەكاتە 71%، وئەوانەشی سەیری ڕێكلامی(خزمەتگوزاری)54%، ئەوانەی سەیری ڕێكلامی(چێشتخانە) دەكەن19%.ئەوانەشی سەیری ڕێكلامی (میوانخانە)15%، ئەوانەشی سەیری ڕێكلامی (پزیشكی)18 %. ئەوانەی سەیری ڕێكلامی تر دەكەن6.%.

### خشتەی (6) ڕێكلام هانی وەرگر دەدات بۆ بڕیاردان لەسەر بەشداریكردنی لە پرۆگرامە گەشتیارییەكان و گرتنی شوێنی حەوانە لەهۆتێل ومیوانخانەكان

| ڕێکلام هانی وەرگر دەدات بۆبڕیاردان لەسەر بەشداریکردنی لە پرۆگرامە گەشتیارییەکان وگرتنی شوێنی حەوانە لەهۆتێل و میوانخانەکان | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | 21 | 44% | 19 | 40% | %84 |
| نەخێر | 4 | %10 | 3 | 6% | %16 |

له خشته‌ی (6)دا سه‌باره‌ت به‌پرسیاری (به‌بۆچونی تۆ ڕیكلام هانی وه‌رگرده‌دات بۆبریاردان له‌سه‌ر به‌شداریكردنی له پرۆگرامه گه‌شتیارییه‌كان وگرتنی شوێنی حه‌وانه له‌هۆتێل ومیوانخانه‌كان)لای تاكه‌كانی سامپڵی توێژینه‌وه، ئه‌وه‌مان بۆ ڕون ده‌بێته‌وه له‌هه‌ردو ڕه‌گه‌زی نێر مێدا84% زۆرترین گه‌شتیار پێیان وایه ڕیكلام هانی وه‌رگرده‌دات بۆبڕیاردان له‌سه‌ر به‌شداریكردنی له پرۆگرامه گه‌شتیارییه‌كان و گرتنی شوێنی حه‌وانه له‌هۆتێل و میوانخانه‌كان ئه‌وانه‌شی له‌گه‌ڵی دانین14.%

**خشته‌ی (7) ئه‌گه‌ر وه‌ڵامه‌كه‌ی به‌ڵێ بو زیاتر له‌كام ئامرازی ڕاگه‌یاندن كه‌ڵك وه‌رده‌گری؟**

| ئه‌گه‌ر وه‌لامه‌كه‌ت به‌ڵێ بو زیاتر له‌كام ئامرازی ڕاگه‌یاندن كه‌ڵك وه‌رده‌گری | نێر | ڕێژه‌ی سه‌دی | مێ | ڕێژه‌ی سه‌دی | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ته‌له‌ڤزیۆن | 12 | 38% | 14 | 63% | 75% |
| ڕادیۆ | 2 | 6% | - | | 6% |
| ئینته‌رنێت | 8 | 25% | 5 | 22% | 47% |
| لافیته | 2 | 6% | - | | 6% |
| ڕیكلامه هه‌ڵواسراوه‌كانی ڕێگاكانی هاتوچۆ | 2 | 6% | 1 | 4% | 10% |
| ڕۆژنامه | 2 | 6% | 2 | 9% | 15% |
| له‌ڕێگای هاوڕێ و ناسیاوه‌كان | 1 | 3% | - | | 3% |
| گۆڤار | 2 | 6% | - | | 6% |

له خشته‌ی (7)دا سه‌باره‌ت به‌پرسیاری (ئه‌گه‌ر وه‌ڵامه‌كه‌ت به‌ڵێ بو زیاتر له‌كام ئامرازی ڕاگه‌یاندن كه‌ڵك وه‌رده‌گری؟) لای تاكه‌كانی سامپڵی توێژینه‌وه، ئه‌وه‌مان بۆ ڕون ده‌بێته‌وه له‌هه‌ردو ڕه‌گه‌زی نێرومێدا 101%له (ته‌له‌ڤزیۆن) كه‌ڵك وه‌رده‌گرن، ئه‌و گه‌شتیارانه‌ی كه‌ڵك له (ئینته‌رنێت) وه‌رده‌گرن47%، ئه‌وانه كه‌ڵك ڕیكلامه هه‌ڵواسراوه‌كانی ڕێگاكانی هاتوچۆ وه‌رده‌گرن10%، ئه‌وانه‌شی كه‌ڵك له‌ڕۆژنامه‌وه‌رده‌گرن15.%.

**خشته‌ی (8) ڕیكلام كاریگه‌ری هه‌یه له‌هاندانی گه‌شتیار بۆ گرتنی شوێنی مانه‌وه‌و حه‌وانه‌وه له‌هۆتێل و میوانخانه‌كان؟**

| ڕیكلام كاریگه‌ری هه‌یه له‌هاندانی گه‌شتیار بۆ گرتنی شوێنی مانه‌وه‌و حه‌وانه له‌هۆتێل و میوانخانه‌كان | نێر | ڕێژه‌ی سه‌دی | مێ | ڕێژه‌ی سه‌دی | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| زۆر | 10 | 40% | 5 | 22% | 62% |
| تاڕاده‌یه‌ك | 13 | 22% | 17 | 77% | 99% |
| كه‌م | 1 | 4% | - | 4% | 8% |
| زۆر به‌كه‌می | 1 | 4% | - | 4% | 8% |

له خشتەی (8)دا سەبارەت بەپرسیاری (ڕیکلام کاریگەری هەیە لەهاندانی گەشتیار بۆ گرتنی شوێنی مانەوەو حەوانەوە لەهۆتێل و میوانخانەکان) لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە لەڕێژەی زۆر لەگەڵیدان لە ڕەگەزی نێرومێدا 62%گەشتیاران پێیان وایە ڕیکلام کاریگەری هەیە لەهاندانی گەشتیار بۆ گرتنی شوێنی مانەوەو حەوانە لەهۆتێل و میوانخانەکان، و ڕێژەی تاڕادەیەک99% کەبەپلەی یەکەم دێت.

**خشتەی (9) تا چەند خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان لە میوانخانەکان یەک دەگریتەوە لەگەڵ ئەوەی ڕیکلامی بۆ دەکرا**

| خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان لە میوانخانەکان یەک دەگریتەوە لەگەڵ ئەوەی ڕیکلامی بۆ دەکرا | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| زۆر | 1 | 2% | 3 | 6% | 8% |
| تاڕادەیەک | 20 | 42% | 16 | 34% | 76% |
| کەم | 2 | 4% | 2 | 4% | 8% |
| زۆر بەکەمی | 2 | 4% | 1 | 2% | 6% |

له خشتەی (9)دا سەبارەت بەپرسیاری (تا چەند خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان لە میوانخانەکان یەک دەگریتەوە لەگەڵ ئەوەی ڕیکلامی بۆ دەکرا) لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە لەڕێژەی زۆر لەڕەگەزی نێرو مێدا 8% گەشتیار پێیان وایە خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان لە میوانخانەکان یەک دەگریتەوە لەگەڵ ئەوەی ڕیکلامی بۆ دەکرا، لە ڕێژەی تارادەیەک دەکاتە76%، وەڕێژەی کەم دەکاتە8%، ڕێژەی زۆر بەکەمی دەکاتە6.%.

**خشتەی (10) تاچەند خزمەتگوزاریی میوانخانەکان یەکدەگریتەوە لەگەڵ خواست وحەزەکانت؟**

| خزمەتگوزارییەکانی میوانخانەکان یەک دەگریتەوە لەگەڵ خواست وحەزەکانت | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| زۆر | 1 | 2% | 2 | 4% | 6 % |
| تاڕادەیەک | 21 | 44% | 16 | 34% | 78% |
| کەم | 3 | 6% | 4 | 8% | 14% |
| زۆر بەکەمی | 2 | 4% | 2 | 4% | 8% |

لەخشتەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕودەبێتەوە سەبارەت بە پرسیاری (تاچەند خزمەتگوزاریی میوانخانەکان یەکدەگریتەوە لەگەڵ خواست وحەزەکانت؟) لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە لەهەردو

ڕەگەزی نێرو مێدا 78% گەشتیار پێیانوایە خزمەتگوزاریەکان لەمیوانخانەکان یەکدەگرێتەوە لەگەڵ خواست و حەزەکانیان.

**خشتەی (11) ڕێکلامەکان توانیویانە باوەڕ بە تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە بهێنن سەبارەت بەسودی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە میوانخانەکان پێشکەشی دەکەن**

| ڕێکلامەکان توانیویانە باوەڕت پێبهێنن سەبارەت بەسودی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە میوانخانەکان پێشکەشی دەکەن | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| زۆر | 1 | 2% | 2 | 4% | 6% |
| تاڕادەیەک | 20 | 42% | 14 | 29% | 71% |
| کەم | 1 | 2% | 6 | 12% | 14% |
| زۆر بەکەمی | 3 | 6% | – | | 6% |

لە خشتەی (11)دا سەبارەت بە پرسیاری (ڕێکلامەکان توانیویانە باوەڕت پێبهێنن سەبارەت بەسودی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە میوانخانەکان پێشکەشی دەکەن) لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە لەرەگەزی نێرومێدا لەرێژەی زۆردەکاتە6%، و ڕێژەی تارادەیەک دەکاتە71%، ڕێژەی کەم دەکاتە14%، هیچ تاکێک لە سامپڵی توێژینەوەدا پێیوانییە ڕێکلامەکان توانیبێتیان باوەڕیان پێبهێنن بەسودی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە میوانخانەکان پێشکەشی دەکەن.

**خشتەی (12) تا چەند باوەرت وایە کە ڕێکلام کاریگەری زیاتر دەبێت لەسەرنج ڕاکێشان ئەگەر کەسێکی بەناوبانگ ڕۆڵی ناو ڕێکلامەکە ببینێ؟**

| باوەرت وایە ڕێکلام کاریگەرییەکەی باشتر دەبێت لەسەرنجراکێشانت ئەگەر کەسێکی بەناوبانگ ڕۆڵ ببینێ لەناو ڕێکلامەکە | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| زۆر | 8 | 25% | 4 | 8% | 33% |
| تاڕادەیەک | 15 | 31% | 14 | 29% | 60% |
| کەم | 2 | 4% | 4 | 8% | 12% |
| زۆر بەکەمی | 8 | 17% | 2 | 4% | 21% |

لە خشتەی (12)دا سەبارەت بە پرسیاری (تا چەند باوەرت وایە کە ڕێکلام کاریگەری زیاتر دەبێت لەسەرنج ڕاکێشان ئەگەر کەسێکی بەناوبانگ ڕۆڵی ناو ڕێکلامەکە ببینێ؟) لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە لەرەگەزی نێرومێدا لە ڕێژەی زۆردا دەکاتە33%، و لە ڕێژەی تاڕادەیەک دەکاتە60%، لەرێژەی کەم دەکاتە12%، لەرێژەی زۆر بەکەمی دەکاتە21%، گەشتیار پێیوایە ڕێکلام کاریگەرییەکەی باشتر دەبێت لەسەرنجراکێشان ئەگەر کەسێکی بەناوبانگ ڕۆڵ ببینێ لەناو ڕێکلامەکە دەکاتە31%کە بەپلەی یەکەم دێت.

**خشتەی (13) لەلای سامپڵی توێژینەوە كەسایەتی ناو ڕێكلام چ ڕەگەزێک بێت زیاتر كاریگەری دەبێت**

| كەسایەتی ناو ڕێكلام چ ڕەگەزێک بێت زیاتر كاریگەری دەبێت | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 12 | 38% | 6 | 12% | 50% |
| مێ | 15 | 31% | 16 | 34% | 65% |

لە خشتەی (13)دا سەبارەت بەو پرسیارەی (كەسایەتی ناو ڕێكلام چ ڕەگەزێک بێت زیاتر كاریگەری دەبێت) لای تاكەكانی سامپڵی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە لەڕەگەزی نێردا دەكاتە50%، و لە ڕەگەزی مێدا دەكاتە65% زۆرترین ڕێژەی گەشتیار پێیوایە ڕەگەزی مێ زیاتر كاریگەری دەبێت دەكاتە38% كە بەپلەی یەكەم دێت.

**خشتەی (14) تاچەند ڕێكلام بۆ خزمەتگوزاری و ڕێستۆرانتەكان لەمیوانخانەكان سەرنجت ڕادەكێشێ بۆ گرتنی شوێن لە میوانخانەكان؟**

| ڕێكلام بۆ خزمەتگوزاری ڕێستۆرانتەكان لەمیوانخانەكان سەرنجت ڕادەكێشێ بۆ گرتنی شوێن لە میوانخانەكان | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی | كۆی گشی |
|---|---|---|---|---|---|
| زۆر | 2 | 4% | 2 | 4% | 8% |
| تاڕادەیەک | 20 | 42% | 14 | 29% | 71% |
| كەم | 3 | 6% | 5 | 22% | 28% |
| زۆر بەكەمی | نیە | | 1 | 2% | 2% |

لە خشتەی (14)دا سەبارەت بە پرسیاری (تاچەند ڕێكلام بۆ خزمەتگوزاری و ڕێستۆرانتەكان لەمیوانخانەكان سەرنجت ڕادەكێشێ بۆ گرتنی شوێن لە میوانخانەكان؟) لای تاكەكانی سامپڵی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە لە ڕەگەزی نێردا زۆرترین گەشتیار پێیانوایە ڕێكلام بۆ خزمەتگوزاری ڕێستۆرانتەكان لەمیوانخانەكان سەرنجیان ڕادەكێشێ دەكاتە 42% كەبە پلەی یەكەم دێت.

**خشتەی (23) تا چەند ڕێكلامكردن بۆ گەشتە گەشتیارییەكان لەلایەن هۆتێلەكانەوە سەرنجت ڕادەكێشێ بۆ گرتنی شوێن؟**

| ڕێكلامكردن بۆ گەشتە گەشتیارییەكان لەلایەن هۆتێلەكانەوە سەرنجت ڕادەكێشێ بۆ گرتنی شوێن | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| زۆر | 3 | 6% | 1 | 2% | 8% |
| تاڕادەیەک | 4 | 8% | 17 | 77% | 85% |
| كەم | 6 | 12% | 4 | 8% | 20% |
| زۆر بەكەمی | 2 | 4% | نیە | | 4% |

لە خشتەی (23)دا سەبارەت بە پرسیاری (تا چەند ڕێکلام کردن بۆ گەشتە گەشتیارییەکان لەلایەن هۆتێلەکانەوە سەرنجت ڕادەکێشێ بۆ گرتنی شوێن؟) لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە لە ڕەگەزی مێدا زۆرترین گەشتیار پێیوایە ڕێکلامکردن بۆ گەشتە گەشتیارییەکان لەلایەن هۆتێلەکانەوە سەرنجیان ڕادەکێشێ بۆ گرتنی شوێن دەکاتە77% کە بەپلەی یەکەم دێت.

**خشتەی (24) قەبارەی ڕێکلامەکان گونجاو بو لەگەڵ پلەی میوانخانەکە؟**

| قەبارەی ڕێکلامەکان گونجاوبو لەگەڵ پلەی میوانخانەکە | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | 15 | 31% | 13 | 27% | 58% |
| نەخێر | 10 | 21% | 9 | 19% | 40% |

لە خشتەی (24)دا سەبارەت بەو پرسیارەی (قەبارەی ڕێکلامەکان گونجاو بو لەگەڵ پلەی میوانخانەکە؟) لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە لەڕەگەزی نێردا زۆرترین ڕێژەی گەشتیار پێیانوایە ڕێکلامەکان لەئاستی پلەی میوانخانەکان بوە دەکاتە31% کە بەپلەی یەکەم دێت.

**دەرئەنجام:**

1. دەتوانرێت بەهۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن شوێنە گەشتیارییەکان بەناوبانگ بکرێت.
2. زۆرینەی گەشتیارەکان سودیان وەرگرتوە لەو ڕیکلامانەی کە لەناوچەی گەشیارییەکان هەڵوسراون.
3. ئەوانەی ئارەزوی گەشتکردنیان هەیە داهاتیان بەرز و مام ناوەندە.
4. گەشتیاران تاڕادەیەک پێیانوایە کەوا ڕێکلامەکان کاریگەرییان هەبوە لەسەر باوەڕپێهێنان بۆ خزمەتگوزارییە میوانخانەکان.
5. میوانخانەکانی پارێزگای هەولێر بونەتە جێگەی متمانەی گەشتیاران لەڕوی خزمەت و شوێنی حەوانەوەیان.
6. گروپی گەشتیاری شارەکانی خواروی ناوەڕاستی عێراق پەیوەندییەکی باشییان لەگەڵ مێوانخانەکانی شاری هەولێر هەیە.

**ڕاسپاردە:**

1. سود وەرگرتن لە هونەرمەند و یاریزان و ڕاگەیاندنکارە بەناوبانگەکان لەناو ڕێکلامە گەشتیارییەکان.
2. بایەخدان بەهاوتاکردنی ئەو بابەتانەی کەلە ڕێکلامە گەشتیارییەکاندا نیشاندەدرێت لەگەڵ خزمەتگوزارییە میوانخانەییەکاندا.
3. بایەخدانی زیاتر بەرێکلامی گەشتیاری لەکەناڵە تەلەڤزیۆنیەکان و هەڵبژاردنی کاتە زێڕینەکان.
4. ئاراستەکردنی کارگێری میوانخانەکان بۆ ئیسیغلال نەکردنی گەشتیارەکان لەکاتی نەبونی شارەزایی.

# The role of Advertisement in Promoting Marketing in the Kurdistan Region of Iraq

(Field research; targeting Erbil's touristic areas and guesthouses as an example)

**Dana Othman Hussein [1] - Omer Hassan Aliasghar [2]**

[1]Department of Media, College of Arts and Letters, Cihan University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Digital Media Department, Kurdistan Technical Institute, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Tourists will have a significant impact on these purchases and sales as a result of these well-designed and eye-catching advertising that appear and care about marketing. The general public services should provide the relevant details regarding the tourist destination as well as the amenities and services provided to them. Tourists will gain from participating in this tourism program; completing this task will not be unpleasant because it is a service. Tourism, unlike other things, is not always available, the items supplied to visitors cost more than that amount of money. The price of the services and the tourism sergeant will undoubtedly satisfy the visitors. Here, the visitor must return many than once in order for us to have a nice guest and also become a market catalyst for unpaid warm marketing. Previously, spreading the word about a place was done by "word of mouth," which meant telling friends to visit, but now we are all on the same scope. With the strength and effectiveness of the marketing campaign for visitors, we shouldn't lose sight of the importance of an honest letter or marketing campaign that accurately describes the amenities and services offered by an institution or service provider.

**Key words:** Role, advertisement, shopping and purchase, services, tourist areas, Kurdistan Region.

## سەرچاوەکان


بەدەوی، معەمەد عەلی. (2014) لێکۆڵینەوەی سۆسۆ میدیایی (وەرگێران: مەم بورهان قانع)سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

حسن، غازی، (2010) هونەری ڕێکلام. هەولێر: چاپخانەی پاک.

ڕۆژهەلاتی، زریان. (2013) بنەمای بەرنامەسازیی ڕادیۆ، دروستکردنی دیمەنێک لە دەنگ. سلێمانی: بڵاوکراوەکانی ڕادیۆی نەوا.

سەپان، مەغدید. (2012) ئەو شتانەی ڕۆژنامەنوس پێویستە بیانزانێ. کەرکوک: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

محمد، بەهادین ئەحمەد. (2011) ڕێکلام و پەیوەندی گشتی و بەبازاڕکردن. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

ابورستم، رستم ابوجمعة. (2003) الدعاية والاعلان. عمان: دار المعتز للنشر والتوزيع.

بدوى، عبدالرحمن. (2008) مناهج البحث العلمي. القاهره: دار النهضة العربية.

البكري، فوادة عبد المنعم. (2004) العلاقات العامة في المنشات السياحية. القاهرة: عالم الكتب للنشر والتوزيع والطباعة.

الخظيري، محسن احمد. (1989) التسويق السياحي مدخل اقتصادي متكامل. القاهرة: مكتبة مدبولي.

الصميدعي، محمود جاسم و، يوسف، ردينة عثمان. (2006) ادارة التسويق مفاهيم واسس. عمان: دار المناهج للنشر والتوزيع.

الطائي، حميد عبد النبي. (1991) التسويق السياحي. الموصل : دار الكتب للطباعة والنشر.

العادلمي، مرزوق عبدالحكم. (2004) لاعلانات الصحفية. القاهرة: مطبعة دار الفجر.

العاني، رعد مجيد. (2005) ادارة الفنادق مفاهيم سياحية في الاقامة والايواء. عمان: دار الحامد للنشر والتوزيع.

عبدالصبور، محسن فتحي. (2001) اسرار الترويج في عصر العولمة. القاهرة: مجموعة النيل العربية للنشر.

عبوي، زيد منير سلمان. (2006) المصطلحت السياحية والفندقية. عمان: دار كنوز المعرفة للنشر والتوزيع.

القاضي، ضياء احمد واخرون. (1998) احصاء ونظم معلومات. القاهرة: مطبعة مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح.

مقابلة، خالد. (1999) الترويج الفندقي الحديث. عمان: دار وائل للطباعة والنشر.

مقابلة، خالد. (2001) علاء، التسويق السياحي الحديث. عمان: دار وائل للنشر.

منديل، عبد الجبار. (1998) التسويق الحديث في النظامين الراسمالي والاشتراكي. بغداد: دار المكتبة الوطنية.

احمد، نەوشیروان فرج، (2021) ڕۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لە بازاڕگەری بۆ زیادکردنی فرۆشی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن. نامەیەکی ماستەرە (بڵاونەکراوەتەوە). زانکۆی سلێمانی: کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

محمود، پەروا عمر، کاکەشێخ، هەردەوان محمود. (2021) ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بازارسازی بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان. نامەیەکی ماستەرە (بڵاونەکراوەتەوە). زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر: کۆلێژی ئاداب.

يوسف، كدو علاء. (1998) تقويم المهام الرقابية لمدير قسم الاطعمة والمشروبات في الفنادق العراقية. رسالة ماجستير (غير المنشورة). الجامع المستنصرية: كلية الادارة والاقتصاد.

غنيم، فتحي. رسالة الاعلان السياحي، مجلة السياحة العربية، (369https://aladabj.uobaghdad.edu.iq/index.php/aladabjournal/article/view/)

النسور، حلا بلال بهجت و، المناصره، اكسمرى عامر و، الزيادات، محمد عواد. (2016) أثر التسويق باستخدام وسائل التواصل الاجتماعي على نية الشراء في الأردن. الأردن: المجلة الاردنية لإدارة الاعمال (3/12) 519-530.

Startimes (2013) الإعلان وتأثيره على سلوك المستهلك جاهزة. ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە (2013/4/10) لەم بەستەرە بەردەستە (https://www.startimes.com/f.aspx?t=32488011 ) ڕێکەوتی سەردان (2022/8/22).

ta3lime (2009) مفهوم الاعلان و أهميته. ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە (2009/4/10) لەم بەستەرە بەردەستە (https://www.ta3lime.com/showthread.php?t=6155 ) ڕێکەوتی سەردان (2022/7/29).

القحطاني، حسين (2011) الإعلان.... تعريفه ـ عناصره ـ أنواعه ـ مميزات الإعلان الجيد ـ نماذج جاهزة. ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە (2011/10/29) لەم بەستەرە بەردەستە (www.loghati.net/vb/t13848.html ) ڕێکەوتی سەردان (2022/7/15).